# ڕۆڵی دووباره كردنه‌وه‌ی ده‌نگ له‌ ڕێتمی شیعره‌كانی (جه‌وهه‌ر غه‌مگین) دا

**ID No. 81**

(PP 184 - 203)

https://doi.org/10.21271/zjhs.25.6.10

**محمد بەکر محمد**

كۆلیژی پەروەردە / زانكۆی سەلاحەدین-هەولێر

mohammad.bakir@su.edu.krd

**نزار محمد حسێن**

وەزارەتی پەروەردە

nzarmuhammad90@gmail.com

**وەگـــــرتن : 2021/09/04**

**پەسندكردن : 2021/09/28**

**بڵاوكردنەوە : 2021/12/25**

**پوختە**

لە ڕەخنەی ئەدەبی نوێدا چەمکی دووربارەکردنەوە، یەکێکە لە هونەرەکانی شێوازی زمان، وەك بنەمایەکی فرەڕەهەند لە شیعری نوێی کوردیدا پانتاییەکی فراوانی گرتووە و چەند باس و توێژینەوەی لەبارەوەکراوە. شاعیرانی نوێخواز بە چەندین مەبەست لە بنیادی شیعرەکانیان پەیڕەویان لێکردووە. جەوهەر غەمگینیش وەك یەکێك لە شاعیرە نوێخوازە دیارەکانی کورد، ڕۆڵێکی کاریگەری هەبووە لە نوێکردنەوەی شیعر، لە سەرەتای دەست کردنی بە نووسین لە کۆتایی پەنجاکانی سەدەی رابردوو. یەکێك لە سیما هەرە دیارەکانی شێوازی شیعری غەمگین هونەرەکانی دووبارەکردنەوەیە کەدووبارەکردنەوەی دەنگ یەکێک لەو هونەرانەیە، بۆیە ناونیشانی توێژینەوەکە بریتییە لە (ڕۆڵی دووبارەکردنەوەی دەنگ لە ڕیتمی شیعرەکانی جەوهەر غەمگین)دا.

ئەم توێژینەوەیە لە دوو تەوەرە پێکهاتووە، لەگەڵ ئەنجام و سەرچاوە بەکارهاتوەکان و پوختە بە هەردوو زمانی عەرەبی و ئینگلیزی.لە تەوەری یەکەمدا زاراوە و چەمکی دووبارەکردنەوە ڕوونکراوەتەوە، لە چەند پێناسەیەك بۆ دووبارەکردنەوە وەرگیراوە و شیکراوەتەوە، لەگەڵ دووبارەکردنەوە لە ئاستی دەنگدا. لە تەوەری دووەمدا بە شێوەیەکی پراکتیکی ڕۆڵی دووبارەکردنەوەی دەنگ لە دەقە شیعرییەکانی (جەوهەر غەمگین)دا شیکراوەتەوە، لەئەنجامیشدا بەدیارکەوت کەشاعیر زۆرینەی جۆرەکانی دووبارەکردنەوەی دەنگی لەشعرەکاندا بەکارهێناوە وەک: دووبارەکردنەوەی دەنگە بزوێن و نەبزوێنەکان و دەنگی کۆنسۆنانسی و دەنگی سەروا و پاش ڕەوی و پێش ڕەوی دووبارەکردنەوەی جووت دەنگ بەگوێرەی ڕیزبوونی لە بڕگەکانی وشەدا و دووبارکردنەوەی ئامراز و جێناوەکان.

**وشە کلیلییەکان:** دووبارەکردنەوە، دووبارەکردنەوەی دەنگ، مۆسیقای ناوەوە، ڕیتمی شیعری، جەوهەر غەمگین.

## پێشەکی:

ناونیشانی توێژینەوەکە بریتییە لە (ڕۆڵی دووبارەکردنەوەی دەنگ لە ڕیتمی شیعرەکانی جەوهەر غەمگین)دا، لەم توێژینەوەیە هەوڵدراوە چەمك و زاراوەی دووبارەکردنەوە بە گشتی و دووبارەکردنەوەی دەنگ لە شیعردا بە تایبەتی بخرێتە ڕوو.

## هۆکاری هەڵبژاردنی بابەتەکە:

لە ڕەخنەی ئەدەبی گرنگیەکی زۆر بە لایەنی شێواز و شێوازگەری دراوە، دووبارەکردنەوەش وەك دیاردەیەکی ڕەوانبێژی و شێوازگەری بوونێکی لەمێژینەی لە شیعردا هەیە، بەڵام وەك هونەرێکی سەربەخۆ و پێویست لەتوێژنەوە ئەکادیمیە کوردییەکان ئاوڕی تەواوی لێ نەدراوەتەوە، چونکە یەکێك لە بنەماکانی شێوازگەری هونەری دووبارەکردنەوەیە، هۆکاری هەڵبژاردنی ڕۆڵی دووبارەکردنەوەی دەنگ لە ڕیتمی شیعرەکانی جەوهەر غەمگین دا، بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە، کە ناوبراو دەنگێکی نوێخوازی شیعری کودی و شاعیرێکی هاوچەرخی کوردە، شیعرەکانی لە ئاستێکی باڵادان لە ڕووی زمانی شیعری و بەکارهێنانی شێوازەکانی زمانی شعرییەوە .

## گرنگی توێژینەوەکە:

ئەم توێژینەوەیە لە ئاستی دووبارەکردنەوەی دەنگدا گرنگییەکی تایبەتی هەیە، چونکە دووبارەکردنەوەی دەنگ لە ڕیتمی شیعری ڕاستەوخۆ کاریگەری لەسەر خوێنەر و گوێگر دەبێت و سەروای شیعری پێ ڕێکدەخرێت. ئەم توێژینەوەیە کار لەسەر

ناساندن و ئاشناکردنی چەمک و زاراوەی دووبارەکردنەوە دەکات بەگشتی و دووبارەکردنەوەی دەنگ و دیاردەکانی دروستبوونی لە دەقە شیعرییەکانی جەوهەر غەمگین بەتایبەتی.

**سنووری توێژینەوەکە:**

سنووری توێژینەوەکە تەنیا شیعرەکانی (جەوهەر غەمگین)دەگرێتەوە، بە تایبەت ئەو دەقە شیعریانەی کە دیاردەی دووبارەکردنەوەیان تێدا پەیڕەوکراوە، تەنیا ئەم دیاردەیە مەبەستی توێژینەوەکە بە ئامانج دەگەیەنێ.

**ڕێبازی توێژینەوەکە:**

ڕێبازی بەکارهاتوو بۆ ئەم توێژینەوەیە، بریتییە لە ڕێبازی (وەسفی ـ شیکاری).

**ناوەڕۆکی توێژینەوەکە:**

ناوەڕۆکی توێژینەوەکە لە دوو تەوەر پێکهاتووە، لە تەوەری یەکەم زاراوە و چەمکی دووبارەکردنەوە خراوەتە ڕوو لەگەڵ پێناسەکانی دووبارەکردنەوە و دووبارەکردنەوەی دەنگ و مەبەستەکانی خراوەتە ڕوو، لە تەوەری دووەم هەوڵدراوە بە شێوەیەکی پراکتیکی ڕۆڵی دەنگ لە شیعرەکانی جەوهەر غەمگین بخرێتە ڕوو بە نموونەی شیعری.

**1. زاراوەو چەمکی دووبارەکردنەوە**

**1ـ 1. زاراوەی دووبارەکردنەوە :**

زاراوەی دووبارەکردنەوە لە زمانی عەرەبیدا (التكرار) ی پێ دەڵێن و لەچاوگی (کر) ەوە وەرگیراوە. سەبارەت بە لێکدانەوەو شیکردنەوەی وشەی (الکر) لە فەرهەنگی (لسان العرب) دا بە چەند واتایەك هـاتووە، لـەوانـە ((گـەڕانەوە سەرشت، هێنانەوەی جـار لە دوای جـاری شتێك بە دووبارەکردنەوە))هاتووە.(ابن منظور، 1998، ص3581). لە فەرهەنگی هەنبانە بۆرینەی کوردیشدا، دووبارەکردنەوە بە مانای ((دووبارەپات، سەرلەنوێکردنەوە)) هاتووە. (هەژار، 1388، ل299). هەروەها ((پاتکردنەوەو هاوشێوە بوونیشی)) بۆ بەکاردێت (مستەفا ، 2010، ل42). دووبارەکردنەوە راچڵەکین و جوولەیەکی چاوەڕوان نەکراو بە خوێنەر دەدات، بۆیە دەبێت بە شێوازێکی جوان و ڕێك و پێك بێت، تا خوێنەر بوروژێنێت و کاری تێ بکات.

دووبارەکردنەوە بە یەکێك لە پێکهێنەرەکانی ئاوازی شیعری و وێنەی شیعری دادەنرێت، واتە دووبارەکرنەوە بە بنیادی ڕیتم دادەنرێت لە دەقی شیعریدا، چونکە (( ڕوونترین ڕێگا بۆ دۆزینەوەی بنەماکانی شیعرییەتی هەر دەقێك، دەست نیشانکردنی بونیادی دووبارەکردنەوەیە (التماثل)Equialence و بونیادی لادان (الانزیاح) adeviaion. کە یەکەمیان لە لای (ڕۆمان جاکۆبسۆن ـ R.jakabson) و دووەمیان لە لای (جان کۆهن ـ j.cohen) بوونە تیۆری تایبەت و گرنگیان پێدرا)) (خۆشناو، 2010، ل46) .

**1ـ2. چەمکی دووبارەکردنەوە:**

دووبارەکردنەوە پەیوەندی بە هەموو ئەو چەمکانەوە هەیە، کە ڕیتم لە پێکهاتەی دەق دەخوڵقێنن، واتە لە بچوکترین پێکهاتەی دەنگ دەست پێدەکات، بۆ گەورەترین کەرستە کە ڕستەیە، کار دەکاتە سەر ئاستەکانی دەنگسازی و وشە سازی و ڕستە سازی، لە لایەکی تریشەوە خودی دووبارەکردنەوەکە لادانێك لە باری ئاساییەکە دەسازێنێ و شیعرییەت بە دەقەکە دەبەخشێ لە ئاستی پێکهاتەیی و دەلالیدا. دووبارەکردنەوە ((تەکنیکێکی هونەری بەرزە، هێزو توانا بە شیعر دەدات و ڕێنمووی دەدات بۆ دامەزراندنی وزەیەکی دەنگی هێمادار، کە لە خزمەتی شیعرەکەدابێت)) (السید الامین، 2000، ص57). (نازك الملائکە) دوو بنەماو بنچینەی بۆ دووبارەکردنەوە داناوە ((یەکەمیان: لەسەر بنچینەی هەست و سۆزو باری دەروونی دروست دەبێت، واتە مەبەست لە دووبارەکردنەوەکە سووربون و پێداگرتنی شاعیرە لە سەر لایەنێکی گرنگ، بۆیەزۆر زیاتر لەوانی تر گرنگی پێدەدات و دووبارەی دەکاتەوە. دووەم: لەسەر بنچینەی ئەندازیاری دانراوە، کە هاوسەنگی بنیاد دەنێت، چونکە لە هەموو دەستەواژەیەکی ئاساییدا، جۆرێك لە هاوسەنگی شاراوە هەیە کە شاعیر دەبێت لە هەموو بارودۆخەکاندا ئاگاداری بێت و پارێزگاری لێ بکات)) (الملائکە، 1996، ص243) .

هەروەها دووبارەکردنەوە لە ئەدەبدا دوو جۆری هەیە، کە پێکدێن لە: ((دووبارەکردنەوەی سروشتی و دووبارەکردنەوەی مۆسیقایی، مەبەست لە دووبارەکردنەوەی مۆسیقی دووبارەکردنەوەی رێك و پێك و یەکسانە، جا دووبارەکردنەوەکە وشە بێت یان گرێی و ڕستەو نیوە دێرو دێری تەواو)) (عەبدوڵا، 2008، ل48). واتە هەندێك جار دووبارەکردنەوەی دەنگ لە خۆوە رودەدات بە شێوەیەکی هەڕەمەکی و بە بێ ئاگای شاعیر واتە دووبارەکردنەوەی سروشتی، زۆربەی جاریش دووبارەکردنەوەکانی دەنگ بە شێوازێکی زۆر وردبینانەو لێزانانە بۆ دەست ڕەنگینی شاعیر دەگەڕێتەوە، بەمەش دەوترێت دووبارەکردنەوە مۆسیقی. واتە ((یەکێک لە سیما دیارەکانی شیعرییەت، یەکێتی شێوەزارە، لەنێوان ڕیتمەکاندا هەڵبژاردنی ڕیتمێکی دیاریکراو لەلایەن شاعیرەوە کارێکی هەڕەمەکی و لەخۆوە نییە، بەڵکو پرۆسەیەکی تێکچرژاو و ئاڵۆزە، لە تێکەڵبوونی باری دەروونی شاعیر و مۆسیقای هۆنراوەکە، ڕیتم بەرجەستە دەبێت)) (بەکر، 2004، ل8).

دووبارەکردنەوە لە دەقی ئەدەبیدا بە گشتی و لە دەقی شیعردا بە تایبەتی سنورێکی بەر فراوانی هەیە، واتە تایبەت نییە تەنیا بە ژانەرێکی ئەدەبی. ((دووبارەکردنەوە بە هەموو جۆرەکانیەوە، بناغەی ڕیتمە. لە مۆسیقاو سەروادا دەیدۆزینەوە و سەرچاوەی ئیستاتیکایە)) (عبد، 2001، ص15). واتە دووبارەکردنەوە پەیوەندی بەتینی بە لایەنی جوانی ئیستاتیکای دەنگ و وشە و دەستەواژە و ڕستە هەیە، ئەم شێوازە دەربڕینەی شاعیر کار لە هەست و سۆز و لایەنی دەروونی دەکات و پێگەی زمانیش لەم نێوەندەدا بەرز ڕادەگرێت، دەبێتە هۆکارێك تا لە زمانە سادەکە دووربکەوێتەوە و توانای شاعیر بەسەر ئاستەکانی زمان دەردەخات. ((ئەگەر دووبارەکردنەوەی وشە و دەستەواژە، بۆ دڵنیابوون و چەسپاندنی واتا بێ، ئەوا لە ڕەهەندێکی دیکە زرنگانەوەی مۆسیقا بەهێز دەکات و لەرینەوەی لە زەین دووپات دەکاتەوە و بە ئاسانی بە گوێچکەدا دەچێ )) (العبیدی، 2003، ص65) .

دووبارەکردنەوە تایبەت نییە بە سەردەمێکی دیاریکراو، بەڵکو لە شیعری کۆن و نوێی پەیڕەو کراوە، چەمکێکی دیار و بەرچاوە و شاعیران پەنایان بۆ بردووە، واتە پەیوەندی بە لایەنی ڕەوانبێژی و شێوازگەری هەیە، لە کۆندا وەك هونەرێکی ڕەوانبێژی گرینگی پێدراوە و لە شیعری نوێشدا وەك بەشێك لە زانستی شێوازگەری ئاوڕی لێدراوەتەوە، بۆ نموونە لە شیعری کۆنی کلاسیك، کە پەیڕەوی کێشی عەروزی عەرەبیان کردووە ((کێشی عەروزی عەرەبی ئاوازەکەی لەسەر دووبارەکردنەوەی پێ (تفعیلە) کان وەستاوە، و بحرو زیحاف و عیللەکانیش بەشێکیان لەسەر دووبارەکردنەوە وەستاون)) (الکبیسی، 1982، ص184). ئەم جۆرە دووبارەکردنەوەیە جیاوازە کە مەبەستی دروستکردنی کێشە، چونکە بەپێی یاسا بەڕێوە دەچێت، ئەم یاسایەش لە دەرەوەی دەق و دەرەوەی دەسەڵاتی شاعیر دەردەچێ کە خۆی لە ڕیتمی دەرەکی دەبینێتەوە، واتە ئەگەر ڕیتمی دەرەکی لە نێو دەقی شیعردا تایبەت بێت بە کێش و سەروا، ئەوا ڕیتمی ناوەوەش پەیوەندی بە بنیاتی دەق و ڕەهەندە نێو خۆییەکانی نێو دەق هەیە، یەکێك لەو ڕەهەندانە بریتییە لە دووبارەکردنەوە کە دوورە لە سەپاندنی دەستوور و یاسا بە ئارەزووی شاعیر و گونجاندنی دەوروبەر و ڕێکەوتنی لەگەڵ واتا و کاریگەری دەبێ و بە مەبەستی مۆسیقای ناوەوەی دەقەکە، کە ئاوازێك دووبارە دەکرێتەوە ڕەهەندێکی مۆسیقی کاریگەر ببەخشێ، یاخوت بۆ پێداگرتن و مکوڕبوون لە واتایەك، کە نووسەر وایدادەنێ بە دووبارەکردنەوەی بە ڕاستیەکان دەگات. لە ڕەخنەی کۆندا ڕیتم بە کێش پەیوەست کراوە، پێیان وابوو کە ((کێش وێنەیەکی تایبەتی ڕیتمە)) (بەکر، 2004، ل59).

بەڵام لە ڕەخنەی نوێیدا مۆسیقای ناوەوە گرینگی زۆری پێدراوە، بەهۆی ئەوەی گۆڕانکاری بەسەر کێشدا هات و دەبوایە لە لایەنێکی دیکەی دەق بکۆڵنەوە، کە بەهای دەقەکەی پێ دیاریبکرێت، بۆ نموونە ((فۆرمالیستەکان لەو ئاستەوە لە شیعر دەڕوانن کە کێش ئەدگاری هەموو شیعری جیهانی نییە، بەڵکو ڕیتم، وەکو ڕەگەزێکی سەرەکی، لە ڕێگەی کارلێکردنی ئاستە جۆراوجۆرەکانی زمانی شیعرەوە بنیاتی شیعر پێکدەهێنن)) (بەکر، 2004، ل56). ئەوەی دەگاتە خوێنەر پێش هەست کردن بەکێش ڕیتمی شیعرەکەیە، بەمەش دەتوانین بڵێین کێش بەشێکە لە ڕیتم نەك هەمووی. واتە ((ڕیتم گیانێکی زیندوو بە کێشەکە دەبەخشێ و قوڵتر و خەستتری دەکاتەوەو ئەدگاری کۆتایی بە ئاوازی شیعرەکە دەدات)) (گەردی، 1999، ل73). دووبارەکردنەوەی کەرستەکانی دەربڕین لە نێوان شاعیران جیاوازە، پەیوەندی بە تواناو لێهاتووی کاریگەری دەروونی شاعیرەکە هەیە، بەو واتاییەی ڕێگەیەکە بۆ ناسینەوەی شێوازی تاك لە کۆمەڵدا. ((ئاوازی هەڵبەست جگە لە دیوی دەرەوەی کە یاساکانی عەروزو قافیە دیاریان کردووە، هێشتا

بە تەواوی دەست نیشان نەکراوان، چونکە لەو دیو ئەو ئاوازە ئاشکرایەی کە ئەو یاسایانە دیاری دەکەن، ئاوازێکی شاراوە هەیە، کە لە هەڵبژاردنی وشەکان و لە پەیوەندی و پێکەوە گونجاندنی نێوان پیت و دەنگەکانیانەوە هەڵدەقوڵێ، هەر ئەم ئاوازەشە کە پلەی بەراوردی نێوان شاعیران دیاری دەکات)) (ئیسماعیل، 2003، ل196).

هەروەها شاعیر لە دووبارەکردنەوەی دەستەواژە فەرهەنگیەکاندا مەبەستیەتی لە شیعرکانیدا زەقی بکاتەوەو زیاتر لەوانی دیکە گرنگی پێ بدات، ئەمەش ئاسانکاریەکی باشە بۆ لێکۆڵەران و ڕەخنەگرانی ئەدەبی کە لە دەق دەدوێن، چونکە ئەرکی ڕەخنەگر شیکردنەوەی دەقەکەیەو دەڕوونی شاعیر لێك دەداتەوە، واتە ((دووبارە کردنەوە ئەو کلیلەمان دەخاتە بەر دەست کە بیرۆکەی زاڵە لەلای شاعیردا، بەوەش یەکێك لە ڕۆشنایەکانی نەستی کە شیعر زاڵی دەکات بەسەر ناخی شاعیر، ڕۆشنی دەکاتەوە بۆ ئەوەی ئێمە پێی بزانین)) (یوسف، 2006، ل75).

**1ـ3. پێناسەکانی دووبارەکردنەوە:**

دووبارەکردنەوە بریتییە لە ((دووبارەکردنەوەی زاراوەیەك، بە هەمان فۆڕم و واتا)) (البغدادی، 1997، ص361). واتە زاراوەك بێنێ وەکو خۆی دووبارەی بکەیتەوە، کە لە ڕووی واتاشەوە وەك یەك بن.

یەکێك لە تایبەتمەندیەکانی کە دەقی شیعری لە ژانرەکانی تری ئەدەبی جیا بکاتەوە مۆسیقایە ((لە هەموو دووبارەکردنەوەیەکدا مۆسیقا شان بە شانی واتا دەزرنگێتەوە، ئەویش لە ئەنجامی دووبارەکردنەوەی ئاوازی دەنگەکان)) (نورالدین، 2009، ل19). ڕێکخستن و دووبارەکردنەوەی دەنگەکان، بە مەبەست لە لای نوسەر بە کاردێت، بەو واتایەی ئەم جۆرە گونجانەی دەنگەکان، جۆرە هونەر کاری و دەست ڕەنگینی نووسەر دەردەخەن، بۆیە لە نێو چوارچێوەی لادان خۆیان دەبینەوە ئەم لادانەش بە لای (جانکۆهین و جاکۆبسۆن) پلەی شیعریەت زیاد دەکەن((پلەی شیعریەت لە دەقدا دەکرێ لە دوو لاوە بۆی بڕوانین، لەلایەك ریکخستن و گونجانی دەنگەکان لە گەڵ یەك لادان دەسازێنێ کە بەشێکە لە شیعریەت. لە لایەکی دیکە ریکخستن و گونجانی ئەم دەنگانەو خستنە ڕووی شێوەیەکی دووبارەبوو یان دیاردەی دووبارەکردنەوە دادەهێنێ، ئەمەش دەبێتە کۆڵەگەیەکی ڕیتم، دواجار ڕیتم لە نێو هەر دەقێك بنچینەو کەرستەیەکە، بۆ بەرزکردنەوەی پلەی شیعرییەت)) (خۆشناو،2010، ل 48).

بنیادی دووبارەکردنەوە بە یەکێك لە بنیادە پێشکەوتووەکانی شێوازگەری دادەنرێت، چونکە ((دووبارەکردنەوە، تیشك دەخاتە سەر خاڵە هەستیارەکانی دەربڕین و ڕادەی بایەخی دەربڕەکەی پێیانەوە دەردەخات، ئەمەش بە واتای بوونی دەلالەتی دەڕوونی بەهێز، کە ڕەخنەگر بۆ لێکۆڵینەوە لە کاریگەری بۆ لێکدانەوەی کەسێتی نووسەر، سوودی لێ وەردەگرێت)) (الملائکە،1996، ص242). واتە دووبارەکردنەوە بە تایبەتمەندیەکی گرنگ دادەنرێت، کە هونەری شیعری لە هونەری مۆسیقاو زانستی ئیستاتیکای نوێ وەریگرتووە، کە ئەمەش بنچینەی ڕیتمە لە دەقی شیعریدا، چونکە(( ڕیتم مەڵبەندی دەنگە، کە گوێ بە هۆیەوە هەست بە ڕێکەوتن و گونجان دەکات)) (الجلیل، 2006، ص176). هەروەها (کیندی) کێش لە شیعردا لەگەڵ ڕیتم لە مۆسیقادا پێکەوە بەراورد دەکات و دەڵێت : ((وەک چۆن هەندێک ڕیتمی مۆسیقا لەگەڵ هەندێک باری دەڕوونی دا دەگونجێت، ڕیتمی قوڕس لەگەڵ خەم و ناخۆشی و ڕیتمی سووک لەگەڵ شادی و خۆشیدا، هەروەها کێشی کورت لەگەڵ باری خۆش و کیشی درێژ لەگەڵ باری خەمناکی دەگونجێت)) (بەکر، 2004، ل 10).

یەکێك لە دیاردە شێوازگەریەکانی شیعری کوردی، دووبارەکردنەوەیە ئەویش بۆ بەدیهێنانی زیاتر لە مەبەستێك بووە، ((هەندێك جار شاعیر بە مەبەستی دامەزراندنی کێشی هۆنراوە، یا پیشاندانی خەم و خەفەت، یا بۆ داگرتنی هەموو شتە باسکراوەکان)) بە کاردەهێنرێت (گەردی، 1975، ل49 ـ50). ((دووبارەکردنەوە وێرای بەهای مۆسیقی، دەبنە هۆی بەهاو بایەخ گەلی جەختکردنەوەیی، وروژێنەری، وێنەیی یا سۆزداری)) (ئیمامی، 2018، ل430). (د. عەزیز گەردی) سەبارەت بە ئاستەکانی دووبارەکردنەوە دەڵێت: ((دەبێت دووبارەکراوەکان هەموویان واتایان یەك بێت و لە جارێکەوە بۆ جارێکی تر واتا نەگۆڕێ)) (گەردی، 1975، ل47). (مەحموود زامدار)دەڵێت: ((بۆ ئەوەی جۆرە ئاوازو ئیقاعێکی سحراوی، لە شوێنێ، لە ساتێ، لە پارچەیەکی نێو قەسیدەکە دروست بکاو ببێ بە مزراحێك و خەونوو تەجرەبەکانی شاعیری بەسەردا بخولێتەوە....یا بۆ هەڵخستنی لایەنێ لە

لایەنەکانی بیرو تاسەو هەڵوێستی شاعیرەکە بەرامبەر بە ووشەو بە جۆری جولانەوەی کات و شوێنی ئەو ووشەیە...هەندێ جاریش هەر بۆ ئارایشتدانی ووشەیەك ..پیتێك، یا کۆپلە شیعرێك ئەم دیاردەیە خۆی دووبارە دەکاتەوە، بێ ئەوەی هیچ چەشنە تەئسیرێك بکاتە سەر روح و جەستەی قەسیدەکە)) (زامدار ، 1981 ، ل 55ـ56). واتە دووبارەکردنەوە هەر جۆرێك بێت ڕەهەندێکی ئارایشت و جوانکردن بە دەق دەبەخشێت، لە یەك ئاست و پلەو هێزدا نین، تەنیا مەبەست لێیان زیادکردنی ڕیتم نییە، بەڵکو هاوئاهەنگ و هاورابوونیان لە گەڵ واتاو بنیادی دەقەکە سەنگ و هێزی دووبارەکردنەوەکە زیاد دەکەن.

عوسمان دەشتی لە بارەی دووبارە کردنەوە بۆچوونی وایە: ((دووبارە کردنەوە لە ڕەخنەی تازەدا، وەکو دیاردەیەکی شێوازگەری سەیر دەکرێت، لە هۆنراوەدا بە مەبەستی جەختکرنی واتاو چڕوپڕکردنەوەی پەنای بۆ دەبرێت، لە گەڵ ئەوەشدا ڕەهەندێکی جوانکردنی بە دەقەکە دەدات)) (دەشتی، 2012، ل183 ).

شاعیر لە کاتی دووبارەکردنەودا دەبێت ئاگاداری (واتاو ڕیتم) بێت، مەبەستی دووبارەکردنەوە خزمەتی ئەمانەیە، هیچیان بەقوربانی ئەویتریان نەکات و یەکسان و هاوڕاو تەبابن.

شاعیرانی نوێخواز هاوتەریب لە گەڵ هەوڵدان بۆ گۆڕینی ئاوازی دەرەوە کە زیاتر مەبەستیان کێش و سەروا بووە، بە هەمان شێوە هەوڵی گۆڕانکاریان داوە لە ئاوازی ناوەوە لە نێو دەقە شیعریەکاندا، بە شێوەیەکی هونەری دەست ڕەنگینی و باڵا دەستی شاعیر بە سەر هۆنراوەکاندا دیارە کە لە ئەنجامی دووبارەکردنەوە دروست دەبێت.

**1ـ4. دووبارەکردنەوە لە ئاستی دەنگدا:**

دووبارەکردنەوەی دەنگ سادەترین جۆری دووبارەکردنەویە، شاعیر وەك ئەندازیارێکی دەنگ وایە لە ڕێکخستنی دەنگەکان لە دەقی شیعریدا. دووبارەکردنەوەی دەنگ ڕۆڵی دیاری لە دروستکردنی ڕیتمی جۆراو جۆرو مۆسیقای ناوەوەی شیعر هەیە، تەنانەت هەندێك جار دووبارەکردنەوەی ئەم دەنگە لە تەواوی شیعرەکەدا دەبێتە زایەڵەو وەتەری ژەنینی سەراپای شیعرەکە. ((لە کۆندا زۆربەی هونەرەکانی ڕەوانبێژی لەسەر بنەمای دووبارەکردنەوەی دەنگ هاتوونەتە ئاراوە، بەبێ دووبارەکردنەوە بوونیان نابێت)) (خۆشناو، 2010، ل95). واتە دووبارەکردنەوەی دەنگەکان جۆرە ڕیتم و مۆسیقایەك بە وشەو دەستەواژەو ڕستەو دواجار تەواوی دەق دەبەخشن، ئەمەش دەبێتە هۆی دروست بوونی جۆش و خرۆش لە لای گوێگر . لە گەڵ جێبەجێکردنی یەکێك لە مەرجەکانی سەروا، هاوکات لە گەڵیدا دووبارەکردنەوەی دەنگ دروست دەبێ دووبارەکردنەوە سیمایەکی تایبەتی بە دەقی شیعری دەبەخشێ ئەم سیما تایبەتیە وای لە لێکۆڵینەوە شێوازگەرییەکان کردووە، کە گرنگیەکی زۆر بەم دیاردەیە بدەن و بە دیاردەیەکی گەشە سەندووی زانستی شێوازگەری بزانن، چونکە کاردەکاتە سەر هەموو ئاستەکانی زمان و سیمانتیك واتە ((شاعیر بە مەبەست لە پێناو واتا و لابردنی بێزاری و وەڕزبوونی وەرگر بەکاری دێنێ، بۆیە قورسایی بەکارهێنانەکە دەوەستێتە سەر چۆنیەتی ئاخنینی لە نێو دەقدا، نەك چەندێتی لەم رووەوە‌ش دەست ڕەنگینی و لێزانینی نووسەر دەردەکەوێ، کە تا چەند رەونەقی بە دەقەکە بەخشیوە و لەگەڵ واتا یەکانگیربووە و پڕ کاریگەرترین دیاردەی بۆ خوێنەر گواستۆتەوە)) (خۆشناو، 2010، ل82) .

زۆربەی جار شاعیر بە مەبەست دەنگێك یان کۆمەڵە دەنگێك دووبارە دەکاتەوە، واتە ((دەیەوێ جەخت لەسەر لایەنی مۆسیقای شیعرەکە یان پارچەیەك لە پارچەکانی ئەو دەقە بکاتەوە، لە ڕێی چنینی مۆسیقی جۆرە چێژێك بە گوێگرو وەرگر ببەخشێ)) (گەردی، 1999، ل63).

**2. دووبارەکردنەوەی دەنگ لە شیعرەکانی (جەوهەر غەمگین) دا**

**2 ـ 1. دووبارەکردنەوەی دەنگ :**

دەنگ بچوکترین یەکەی زمانەو ئەو کەرستە خاوەی دەست نووسەرە، کە وشەو دەستەواژەو ڕستەی لێ پێکدێت، بە کرۆکی پێکهاتەی زمان دادەنرێت، بۆیە سەرەتای بنەماکانی دووبارەکردنەوە لە شیعر، پێویستە لە ئاستی دەنگسازی دەست پێبکەین، تا گەورەترین یەکەی شیعری کە خودی دەقەکەیە.((شیعر یەکێ لە ڕەگەزە سەرەکیەکانی مۆسیقییەتە، ئەم مۆسیقییەتە لە

دووبارەکردنەوەی رێك وتایبەتی دروست دەبێت، دووبارەکردنەوەی دەنگەکان، لە وشە درێژەکان جۆرە مۆسیقایەکی کاریگەر دەخوڵقێنێ)) (گەردی،1999، ل41). کەواتە بۆ دروستکردنی مۆسیقایەکی سەرنج راکێش، پێویستە شاعیر لە دووبارەکرنەوەو لادانی پیتەکان لێزان و شارەزاو داهێنەر بێت، چونکە((دووبارردکردنەوەی دەنگ یارمەتیدەرە بۆ ئەوەی گوێگر، بەرەو قوڵایی وشەکان ببات)) (الغرابشە، 2008، ص246).

دووبارەکردنەوەی دەنگێك یان زیاتر لە دەنگێك لە دێرە شیعرێکدا دەبێتە هۆی ((جۆرە هەمە ڕەنگیەك لە دەنگ دروست بێ و دەق لە ڕۆتینی کێشی باو رزگار بکات، یان سەرنجی خوێنەر بۆ وشەیەك یان چەند وشەیەك رابکێشێ، کە بە هۆی هاودەنگیەوە رێکەوتوون)) (عیاش، 2009، ص78).

دووبارەکردنەوەش خاڵی سەرەکی دروستبوونی ڕیتمە لە دەقدا، ڕیتمیش بەدیهێنەری مۆسیقای ناوەوەیە بۆ دەق، واتە ((لە هەموو دووبارەکردنەوەیەکدا مۆسیقا شان بە شانی واتا دەزڕەنگێتەوە، ئەویش لە ئەنجامی دووبارەکردنەوەی ئاوازی دەنگەکان)) (نورالدین، 2009، ل19). واتە کاتێك گوێگر گوێبیستی شیعرێك دەبێت هەست بە مۆسیقا و ڕیتمەکەی ناکات , تاکو دووبارەکردنەوە ڕۆڵی تێدا نەگێڕێت. لە ئەدەبیشدا ((ڕیتم بریتییە لە وەستانێکی مۆسیقی، کە پێویستە هەبێت بۆ ئەوەی خوێنەر تیایدا هەست بە ئارامی بکات، چێژ لەو خوێندنەوە وەربگرێت)) (محەمەد، 2015، ل80). هەروەها (ئەفلاتون: 427 – 347 پ.ز) لە کتێبی (کۆماری ئەفلاتون) دا ئاماژە بە سێ جۆر ڕیتم دەکات ((ئەوانیش (ڕیتمی جەنگی، ڕیتمی هۆنراوە، ڕیتمی داستان) بە دەربرینێکی سادەتر، ئەوە دەخوازێت کە بڵێت لە هەر بابەتێکدا ڕیتمێکی دیاریکراو هەیە)) (بەکر، 2004، ل 9 ).

لە شیعری نوێدا دووبارەکردنەوە جگە لە ڕەهەندی هونەری، ڕەهەندی دەروونیش هەیە، واتە پەیوەندی بەتینی لەگەڵ هەست و سۆزدا هەیە. ((دووبارەکردنەوەکان وێرای بەهای مۆسیقی ببنە هۆی بەها و بایەخگەلی جەختکردنەوەی وروژێنەری، وێنەی یا سۆزداری)) (ئیمامی، 2018, ل430). واتە لە دەقێکی ئەبستراکتی دوور لە هەست و سۆز، دووبارەکردنەوە پێگەیەکی سەرنج راکێش و پڕ لە جوانی نابێت، جگە لە خەوشدارکردن و ناشیرین کردنی خودی دەقەکە.

**2ـ2. دووبارەکردنەوەی دەنگی بزوێن:**

بریتییە لە چەند جارەی دووبارەکردنەوەی دەنگێکی بزوێن لە دێرە شیعرێکدا یا لە سەرتاپای شیعرەکە، یاخود بریتییە لەوەی کە دوو وشە یان دوو بڕگە بزوێنی سەرەکیان یەك بێت، جگە لە پێکچوونی بزوێنەکانی تر، ئەرکی دووبارەکردنەوەی دەنگی بزوێن لە شیعردا چڕکردنەوەی مۆسیقای ناوەوەی شیعرە. هەرچەندە دووبارەکردنەوەی دەنگی بزوێن بە قەد دەنگی نەبزوێن بەکاردێت لە شیعردا، بەڵام کاریگەری مۆسیقی لەو کەمترە. دووبارەکردنەوەی دەنگە بزوێنەکان لە خێراکردن و خاوکردنەوەی ڕستە شیعریەکاندا دەوریان هەیە، واتە بەرزی و نزمی ئاوازەکەش بە پێی دەنگە بزوێنەکان دەگۆڕێن بۆ نموونە ((ئەگەر بزوێنە درێژەکانی (ا، وو، ۆ، ی، ێ) زۆر دووبارە بکرێنەوە ئیقاعی شیعرەکە خاو دەکەنەوە، چونکە بزوێنی درێژ کاتی زیاتر دەوێت لە بزوێنی کورت، بەڵام بزوێنی کورت (ە، و) ئیقاعی شیعر توند دەکەن، چونکە گۆکردنیان کەم دەخایەنێت و زوو دەگوازرێتەوە بۆ بڕگەی داهاتوو)) (گەردی، 1992، ل65). غەمگین لە شیعری (ئاوی ژین) دا دەڵێت :

((ئاوی ژینم بە جۆگەی ناخۆشیدا چووەخوار<br>
تێکەڵ بە ئاوانی تر بوو، بوون بە ڕووبار<br>
ڕووخاندنی دیواری بەرزی لاشەی پڕ هێزم<br>
لاشە سست و بێ گیان وەك کەلاوەی بێ دیوار))          (غەمگین، 2005، ل 42)

لەم پارچە شیعرەدا بزوێنی درێژی (ئا) بەشێوەیەکی بەرچاو و زۆر دووبارە کراوەتەوە لە شوێنی جیاجیا، لە وشەکانی (ئاو، ناخۆشیدا، خوار، ئاوانی، ڕووبار، ڕووخاندن، دیوار، لاشە، گیان، کەلاوە ....) دیار دەکەوێت کە (14) جار دووبارە کراوەتەوە، ئەم دیاردەیە بەڕێکەوت ڕووی نەداوە (( بەڵکو بەرجەستەکردنی واتای ڕاستەقینەیە لە هەر یەکە لەم وشانەدا)) (بەکر، 2004، ل 14). بۆ

نموونە لە وشەی (ناخۆشدا) دوو جار دووبارەکراوەتەوە ئەمەش ڕەهەندێکی ((قووڵتر و فراوانتر دەداتە وشەکە)) (بەکر، 2004، ل 14) کە مۆسیقایەکی خۆش بەم پارچە شیعرەی بەخشیوە، ئەم دەنگە مۆسیقایەکی ڕوون و ئاشکرای هەیە، چونکە ((ڕوونترین دەنگە لە زماندا)) (قاسم، 2008، ص 165). ((هەروەها سیفەتی ئاشکرای هەیە)) (هلال، 1980، ص 136). زۆری دووبارەکردنەوەی بزوێنی درێژی (ئا) ئیقاعی شیعرەکەی خاوکردۆتەوە، چونکە گۆکردنی کاتی زیاتر دەوێت، هەروەها دووبارەکردنەوەی وشەکانی (ئاو) لە دێری یەکەم و (دیوار) لە دێری دووەم مۆسیقای شیعرەکەیان خۆشتر کردووە .

بۆ نموونە شاعیر لە شیعرێکیدا دەڵێت:

((هەندێ لە کوردانی ئێمە هاوار ئەکەن بۆ مافی گەلانی تر
ئەوەی بە بیر دانایە کە مافی کوردستان وەربگرێتەوە
کە کوردستانی لەت کراوە ئەم جۆرە کوردانە ئەبینێ
برینە ساڕێژ نەکراوەکانی سەراپا ئەکولێتەوە )) (غەمگین، 2005، ل 45)

لەم دوو دێرە شیعرەدا، بزوێنی کورت (ە) (26)جار بە شێوەیەکی بەرچاو دووبارەکراوەتەوە، بەمەش ڕیتمی شیعرەکەیان توندکردووە، چونکە گۆکردنی کاتی کەم پێویستە و خێرا دەگوازرێتەوە سەر برگەی دواتر، بەکارهێنانی بزوێنی کورت لە شیعردا هەمان ڕۆڵی بەرجەستەکردنی واتای دەگێڕێت لە چەند وشەیەکدا، هەروەها دووبارەکردنەوەی وشەکانی ( کورد، کوردستان ) بە شێوەی ئاسۆیی مۆسیقای شیعرەکەی خۆشکردووە .

لە شیعرێکی تردا دەڵێت :

((گیانەکەم ئەو برینەی وا لە دڵدایە خەریکە ساڕێژ ئەبێ
ئەگەرچی سەرم هەمیشە بە مەی خۆشەویستیت گێژ ئەبێ
گەر بێت ـ خوانەخواستە .. دڵ نزیکی محرابە بڕۆت بێ
ڕەنگم زەردە .. لێو بە بار .. دەستم بێ دەستنوێژ ئەبێ
دڵەکەی وەك بەردت قەت بە فرمێسکم نەرم نابێ
چی لە دەست نایێ .. بۆیە لە عاستت بەد بێژ ئەبێ )) (غەمگین، 2005، ل 333)

لەم پارچە شیعرەدا بنیاتی سیمانتیکی تا ڕادەیەک بنیاتێکی مات و سستە، بۆیە دەبینین بنیاتی دەنگی لەگەڵی گونجاوە، لە ڕێگەی دووبارەکردنەوەی بزوێنی درێژی (ێ) بۆ (15) جار لە شوێنی جیا جیا لە وشەکانی (ساڕێژ، ئەبێ، گێژ، بێت، لێو، دەستنوێژ، فرمێسك، نابێ، نایێ، بەدبێژ .....) دووبارەکردنەوەی ئەم بزوێنە درێژە، مۆسیقای ناوەوەی شیعرەکەی خۆش کردووە، جۆرێك لە هاو ئاوازی و هاو دەنگی بە شیعرەکە بەخشیووە.

**3ـ2. دووبارەکردنەوەی دەنگی نەبزوێن :**

بریتییە لە چەند جارە دووبارەکردنەوەی دەنگێکی نەبزوێن لە دێرە شیعرێك، یا لە سەرتاپای شیعرێکدا. دووبارەکردنەوەی دەنگی نەبزوێن ئاوازی ناوەوەی شیعرەکە دەخولقێنن و مۆسیقایەکی سازگار و خۆشی بە گوێچکەدا دەچرپێنن. لە سەرەتا کرداری دووبارەکردنەوەی دەنگی نەبزوێن، بریتی بووە لە ((دووبارەکردنەوەی هەمان دەنگ لە سەرەتای وشە، سەروای سەرەتا یا سەروای سەرەوەیان پێ دەگوت، بەڵام لە دوایی وردە وردە گۆڕانی بەسەردا هات، تا وای لێهات دووبارەکردنەوەی دەنگە لەیەك نزیکەکانی وەکو (س ـ ز) و (ش ـ ژ) یش بگرێتە خۆ، جا لە هەر شوێنێکی وشەدا بێت)) (محمد، 2015، ل96). دووبارەکردنەوەی دەنگی نەبزوێن لای ( غەمگین ) زۆر بەرچاو دەکەوێت، بۆیە بە یەکێك لە دیاردە شێوازەکانی شیعری غەمگین دادەنرێت. شاعیر دەڵێت:

((ئەڵێن میوانت هاتوون، خۆزگە هەر خۆم میوانت بم
لە چوار چێوەی ژیانی تۆ من شانۆی چاوەکانت بم
کە شەو داهات ئەستێرە لە ئاسمانی عەشق جریوەی دێ
وەکو بووکی یەکەمین شەو لە جێگا دەست لەملانت بم
هەر خۆم یوسفی زەمانم، دڵ تۆی تیا نەبێ بۆچیمە
چەند خۆشە هەمیشە من خەونی خۆشی شەوانت بم )) (غەمگین، 2005، ل 242)

ئەگەر سەیری ئەم سێ دێرە شیعرە بکەین، جگە لەوەی کێش و سەروای تایبەتی خۆی هەیە، کە ئاوازی دەرەوە پێکدەهێنن، ئاوازی ناوەوەش لە ڕێگەی (17) جار دووبارەکردنەوەی دەنگی نەبزوێنی (ن) لە وشەکانی: (ئەڵێن، میوان، هاتوون، ژیان، من، شانۆ، چاوەکانت، ئاسمان، یەکەمین، دەست لە ملانت، زەمان، نەبێ، چەند، خەون، شەوان ) دەنگی (ن) ((دەنگێکی حەزینە)) (غنیم، 1998، ص286) و ((لە بیستندا ڕوونە)) (هلال، 1980، ص136) و ((سیفەتی گنی تێدایە)) (هلال، 1980، ص138). هەروەها دووبارەکردنەوەی (7) جار دەنگی نەبزوێنی (ش) لە وشەکانی (شانۆ، شەو، عەشق، خۆشە، هەمیشە، شەوان ....)، کە ئەمەش ((لە ڕووی سیفەتەوە دەنگێکی خاوە)) (المطلبی، 1984، ص77). ڕیتمێکی هێواش و لەسەرخۆی هەیە. بە هۆی دووبارەکردنەوەی ئەم دەنگە نەبزوێنانە لە کاتی خوێندنەوەی شیعرەکەدا، هەست بە ئاوازێکی خۆش دەکەین و ئەم دەنگانە لەگەڵ کێش و سەروا بەیەکەو ئاوازێکی ناوازەیان بەشیعرەکان بەخشیوە، جگە لەمەش دووبارەکردنەوەی وشەکانی (میوان) لە نیوە دێری یەکەم و (خۆش) لە نیوە دێری کۆتایی، هێندەی تر ئاوازی ناوەوەی شیعرەکەیان خۆشکردووە . شاعیر لە شیعرێکیدا دەڵێت :

((دێ یەکەم .. لە قەد پاڵی چیا
پاڵ کەوتووە .. لەناو چیمەن و سەوزە گیا
خانووەکان .. یەك لە پاڵ یەك
ڕەنگ ئاڵۆزاو .. بۆڕ و بەلەك
لە خوارووی دێ .. دۆڵێکی تەنگ
پیایا ئەڕوا .. ئاوێکی مەنگ
کوڕ و کچی چوست و چاڵاك
گشت پێشمەگەن .. بۆ خۆڵ و خاك)) (غەمگین، 2005، ل 96)

ئەگەر وردبینەوە لەم پارچە شیعرەدا، شاعیر (12) جار دەنگی نەبزوێنی (ك) دووبارەکردۆتەوە، لە وشەکانی: (یەکەم، کەوتوو، خانووەکان، یەك، بەلەك، دۆڵێك، کوڕ، کچ، چاڵاك، خاك) دووبارەکردنەوەی ئەم دەنگە نەبزوێنە ئاوازی ناوەوەی شیعرەکەی ڕێك خستووە و هەست بە مۆسیقا و ڕیتمێکی خۆش دەکرێت لە شیعرەکەدا و جگە لە دووبارەکردنەوەی وشەی (یەك، یەك) و ڕەگەزدۆزی ناتەواو لە نێوان وشەکانی (چیا، گیا) و (تەنگ، مەنگ، ڕەنگ) کە ئەمانەش ئاوازی ناوەوەی خۆش دەکەن . غەمگین لە شیعرێکی دیکەیدا دەڵێت :

((کەی ئەبێ ئەی یار لە بەندی داوت رزگار بم ؟
بێ ئاخ و ئۆف و دڵ ئێشان دوور لە گریە و زار بم ؟
هەتا کەی بە داوی دڵداریت دەست و پێ بەند بم
هەمیشە دڵ بێ ئۆقرە و دەم بە ئۆف و هاوار بم)) (غەمگین، 2005، ل 41)

لەم پارچە شیعرەدا شاعیر دەنگی نەبزوێنی (د) ( 11 )جار دووبارەکردۆتەوە لە وشەکانی: (بەندی، داوت، دڵ، دوور، داوی، دڵداری، دەست، دەم...) یەکێکە لەو دەنگانەی کە ((سیفەتی بەهێزی هەیە)) (المطلبی، 1984، ص77)، بەمەش ڕێژەی شیعرییەتی دەقەکە بەرز بۆتەوەو شیعرەکە شێوازێکی باڵای لە ئاستی دەنگیدا وەرگرتووە.

**4ـ2. دووبارە کردنەوەی دەنگی کۆنسۆنانس:**

یەکێکی تر لە دیاردەکانی دووبارەکردنەوەی دەنگ دیاردەی (کۆنسۆنانس) ە، کە ((بریتییە لە دووبارەکردنەوەی لەیەك نزیکی دەنگی نەبزوێنی پێش یان پاش بزوێنی جیاواز)) (گەردی، 1999، ل66). ئەم دیاردەیە بیروڕای جیاوازی لەسەرە، بەڵام (عەزیز گەردی) دەڵێت : (( مەرج نییە لەملا و ئەولای بزوێنەکە هەردوو نەبزوێن وەك یەك بن، تەنیا یەکیان هاوبەش بێت بەسە وەکو:(داك ـ پووك) (ناسك ـ بڕووسك)). (گەردی، 1999، ل67). ئەگەر سەیری ئەم نموونانە بکەین کە گۆڕاوە، دوو دەنگە نەبزوێنەکەش تەنیا یەکیان هاوبەشە و ئەوی تر گۆڕاوە، دەکرێت هەردوو دەنگە نەبزوێنەکەش هاوبەش بن و تەنیا بزوێنەکە گۆڕاو بێت . ئەم دیاردەیە لە شیعرەکانی (غەمگین ) دا بەرچاو دەکەوێت، بۆ نموونە لە شیعری (بۆچی نەهاتی)دا شاعیر دەڵێت:

((لە دوری تۆ ژینم ژانە

بزەی لێوت بۆم دەرمانە)) (غەمگین، 2005،ل 170)

لەم دێرە شیعرەدا لە نێوان وشە لە دوایەکداهاتووەکانی (ژین، ژان)دا، دەنگە نەبزوێنەکانی پێش و پاشی بزوێنەکە، واتە دەنگی (ژ، ن) هاوبەشن، دەنگە بزوێنەکانی (ی، ا) جیاوازن بەمەش دووبارەکردنەوەی دیاردەی کۆنسۆنانسی پێکهێناوە، مۆسیقای ناوەوەی پێ دروستکراوە . شاعیر لە شیعری (ماوەیەکە بووشرا) دا دەڵێت:

((بەژنی جوان و قەدوو باڵات .. لەبەر چاو چەشنی ئاڵایە

لەبەر ئاخ و ئۆفی توندم .. هەمیشە بۆ من واڵایە)) (غەمگین، 2005، ل 342)

لەم دێرە شیعرەدا لە نێوان وشە بە دوایەکداهاتووەکانی (ئاخ، ئۆف) دا، بزوێنی هەردوو وشەکە جیاوازن (ا، ۆ) هەروەها لە دەنگە نەبزوێنەکانی پێش و پاش دەنگە بزوێنەکە یەکیان هاوبەشە و (ك، ك) یەکیان جیاوازە (خ، ف) بەمەش دیاردەی دروستبوونی کۆنسۆنانس دروست دەبێت، ڕیتمێکی خۆش بە شیعرەکە دەبەخشێ. هەروەها لە شیعری (چوار خونچە) دا شاعیر دەڵێت :

((زەمین تارای ڕەشی پۆشی

جامی تاڵی و خەمیی نۆشی)) (غەمگین، 2005، ل 303)

لێرەشدا لە نێوان وشە بە دوایەکداهاتووەکانی (ڕەش، پۆشی) تەنها دەنگی نەبزوێنی پاش بزوێنەکە هاوبەشن، کە دەنگی (ش)ە، ئەگەرنا دەنگی نەبزوێنی پێش بزوێنەکە گۆڕاوە (ڕ، پ)، وە دەنگە بزوێنەکانیش (ە، ۆ) گۆڕاون، بەمەش دیاردەی دووبارەکردنەوەی کۆنسۆنانسی دروست دەبێت و مۆسیقای ناوەوەی شیعرەکەی پێ دەوڵەمەند دەبێت .

**٥ـ٢. دووبارەکردنەوەی دوو دەنگ :**

ئەمەش شێوازێکی دییە لەشێوازەکانی دووبارکردنەوەی دەنگی کە (محەمەد بەکر) زاراوەی (جووت هاودەنگ)ی بۆ بەکار هێناوە و سێ شێوازی دووبارەکردنەوەی لەو جووت هاودەنگە لەبڕگەکانی شیعردا دەسنیشانکردووە کە بریتین لە: (( جووت هاودەنگی یەکگرتوو )) و (( جووت هاودنگی دابراو)) و ((جووت هاودەنگی ئاوێتە)) (بەکر ، 2004،ل83-84). ئێستا هەوڵدەدەین بەنموونەی شیعرەکانی (غەمگین) ڕوونیان بکەینەوە:

**٢ـ٥ـ١. ئەگەر دوو دەنگە دووبارەکراوەکە بکەونە ناو یەك بڕگە، لە دوو وشەی بەدوایەکداهاتوو، ئەویش بە دوو شێوە دەبێت:**

1-ئەگەر ڕیزبوونی دوو دەنگەکە لە هەردوو وشەکە وەك یەك بن، واتە چوونیەك بن (أ + ب / أ + ب)

((پەپولەم پەری ژیانە......بەبێ ئەو ژینم بێتامە
هەتا مردن وەك ئاوات هەمو دەم هەر بە تەمامە)) (غەمگین، 2005، ل 344)

| | | |
|---|---|---|
| پەپولەم | پە/ پو/ لەم | (پ + ە) |
| پەری | پە/ ری | (پ + ە) |

لەم دێرە شیعرەدا هەردوو وشەی (پەپولە) و (پەری) بە دوایەکدا هاتوون لە سەرەتای نیوە دێری یەکەمدا، هەریەکە لە دەنگی (پ) و (ە) لە ناو یەك بڕگەدا دووبارەکراونەتەوە بە هەمان ڕیزبوون.

2. ئەگەر ڕیزبوونی دوو دەنگەکە لە هەردوو وشەدا پێچەوانەی یەکتر بن، واتە (أ + ب / ب + أ)

(( گەلێ جار هێدمە دەمگرێ ئەلێم خوایە دەست بە باڵمەوە بگرە
تاکو بتوانم دوو وشەی خۆشەویستی بە گوێدا بچرپێنم )) ( غەمگین، 2005، ل 246
)

| | | |
|---|---|---|
| هێدمە | هێد/ مە | دەنگی (م + ە) |
| دەمگرێ | دەم/ گ/ رێ | دەنگی (ە + م) |

لە هەردوو وشەی (هێدمە) و (دەمگرێ) کە بە دوواە یەکترداهاتوونە، دەنگەکانی (م) و (ە) دووبارەکراونەتەوە لە ناو یەك بڕگەدا بە پێچەوانەی یەکتر.

**2 .5 .2. ئەگەر جووت دەنگە دووبارەکراوەکە، بکەونە ناو یەك بڕگە لە دوو وشەی لە یەکتر دابڕاو بە دوو شێوە دەبێت:**

1-ڕیزبوونی جووت دەنگەکە لە هەردو وشەکە چوونیەك بن، واتە (أ ـ ب / أ ـ ب)

((خۆشەویستی نەمامێکە لە هەموو دڵێك ئەڕوێ
خۆشەویستی منداڵێکە هێشتا لە لانکە ئەروێ)) (غەمگین،2005،ل240)

| | | |
|---|---|---|
| دڵێك | د/ لێك | دەنگی (ڵ ـ ێ) |
| منداڵێکە | من/ دا/ ڵێ / کە | دەنگی (ڵ ـ ێ) |

لەم دێرە شیعرەدا دەنگەکانی (ڵ) و (ێ) دووبارەکراونەتەوە لە ناو یەك بڕگەدا بە هەمان ڕیزبوون لە هەریەکە لە وشە لە یەك دوورەکانی (دلێك) و(منداڵێك).

لێرەدا پێویستە ئاماژە بەوە بکەین کە وشەی (منداڵێك) لە سێ بڕگە پێکهاتووە، بەڵام لە سیاقی ئەم دێرە شیعرە بووە بە چوار بڕگە، بە هۆی زیادبووونی دەنگی (ە) لە کۆتای وشەکە. بەم شێوەیە (من/ دا/ لێ / کە).

2-ئەگەر ڕیزبوونی دوو دەنگەکە لە هەردوو وشەکەدا پێچەوانەی یەکتر بن، واتە (أ ـ ب / ب ـ أ)

((گەر دەپرسی چۆنە جەژنم .... بێ ی تۆ تاڵە ژەهری مار
رۆژی روناکم تاریکە ...... چۆڵ و هۆڵە دێ و شار)) (غەمگین، 2005، ل 241)

جەژنم جەژ/ نم دەنگی (ە ـ ژ)

ژەهری ژەە/ ری دەنگی (ژ ـ ە)

دەنگی (ژ) و(ە) دووبارەكراونەتەوە لە یەك بڕگە بە پێچەوانەی یەكتر، لە دوو وشەی (جەژن) و( ژەهر) لە یەكتر دوورن .

**٢ـ٥ـ٣. ئەگەر جووت دەنگە دووبارەكراوەكە، بكەونە ناو دوو بڕگە، لە دوو وشەی بە دوایەكداهاتوو.**

1. ڕیزبوونی جووت دەنگە كە لە هەردوو وشەكان چوونیەك بن. (أ ـ ب + أ ـ ب)

((گیا و گەڵای داری بەرزی ئازادی كورد

بە كزە بای خەبات هەردەم ئەشەكێتەوە)) (غەمگین، 2005، ل 45)

گیاو گ/ یاو دەنگی (گ ـ ا ) لە دوو بڕگە

گەڵای گە/ ڵای دەنگی ( گ ـ ا ) لە دوو بڕگە

لە هەردوو وشەی (گیاو) و (گەڵای) كەبەدوای یەكداهاتوون, دەنگەكانی (گ) و (ا) دووبارەكراونەتەوە، لە ناو دوو بڕگە بە هەمان ڕیزبوون، هەروەها وشەی ( گیا) لە یەك بڕگە پێكهاتووە، بەڵام لە سیاقی دێرە شیعرەكە پاشگری (و) لەگەڵە بەمەش دەبێتە دوو بڕگە، بەم شێوەیەی سەرەوە.

2 . ڕیزبوونی جووت دەنگەكە، پێچەوانەی یەكتر بن. (أ ـ ب + ب ـ أ)

((ڕۆیی بێ ئەوەی سڵاوێكم بۆ بنێرێ و بلێ : دەڕۆم

لە ڕكی تۆیە پووكانم، وا دەردەبڕم بێزاری خۆم )) (غەمگین، 2005، ل 248)

دەردەبڕم دەر/ دە/ بڕم دەنگی(ر ـ ب) لە دوو بڕگەی

بێزاری بێ/ زا/ ری دەنگی(ب ـ ر) لە دوو بڕگەی

لە وشەكانی (دەردەبڕم) و (بێزاری) كە بەدوای یەكتردا هاتوون، دەنگەكانی (ر) و (ب) دووبارە كراونەتەوە، لە ناو دوو بڕگە بە شێوەی ڕیزبوونی پێچەوانەی یەكتر.

**٢ـ٥ـ٤. ئەگەر جووت دەنگە دووبارەكراوەكە، بكەونە ناو دوو بڕگە، لە دوو وشەی لە یەكتر دابڕاو.**

1. ڕیزبوونی دەنگەكان لە هەردوو وشەكان چوونیەك بن. (أ ـ ب ـ أ ـ ب)

(( نە ڕۆشەنبیرو نە لە پیاو ماقولانی هەولێرم

وا دیارە بۆ خۆشم هەمیشە بێ سودو خێرم)) (غەمگین , 2005 , ل 349)

ڕۆشنبیری ڕۆ/ شن / بیر دەنگی (ۆ ـ ش ) لە دوو بڕگە

خۆشم خۆ / شم دەنگی ( ۆ ـ ش ) لە دوو بڕگە

وشەكانی (ڕۆشنبیر) و (خۆشم) لە یەكتر دوورن، دەنگەكانی (ۆ) و (ش) دووبارەكراونەتەوە لە ناو دوو بڕگە لەم وشانەدا، ڕیزبوونی دەنگەكان وەك یەكن.

2 . ڕیزبوونی جووت دەنگەكان پێچەوانەی یەكتر بن. (أ ـ ب ـ ب ـ أ)

((زۆر نەماوە لابرێ سنوری دەستكردی كوردستان

بانگی بەرزی رزگاری وا كەوتۆتە سەر لێوان)) (غەمگین، 2005، ل 101)

سنوری س / نو / ری دەنگی (س ـ ر) لە دوو بڕگە

كوردستان كور / دس / تان دەنگی (ر ـ س) لە دوو بڕگە

لە هەر یەکە لە وشەکانی (سنور) و (کوردستان) لە یەکتر دابڕاون، دەنگی (س) و (ر) دووبارەکراونەتەوە، لە دوو بڕگە، بە پێچەوانەی یەکتر.

**2ـ 6. دووبارەکردنەوەی دەنگەکانی سەروا:**

**2ـ6ـ 1. ڕەوی:**

((ڕەوی بریتیە لەو دەنگەی، کە شیعری لەسەر بنیاد دەنرێت و زۆربەی جاریش شیعرەکە بە ناوی ئەو دەنگەوە دەکرێت)) (قاسم، 2004، ص117). دەنگی ڕەوی لە سەروادا بە سەرەکیترین دەنگ دادەنرێت، زۆر جار شیعرەکەش بە ناوی ئەوەوە دەکرێت، ڕەوی دەبێ دەنگی ڕەسەن بێت، واتە نابێت پێشگرو پاشگرو زیادیەکی ڕێزمانی بێت. غەمگین لە شیعری (منەتی قەساب)دا دەڵێت:

((سەر بڵند.. زمان درێژ.. منەتی هیچ کەسی نەویست

دوور لە قسەو قسەڵۆك ..هەردەم بڵێم ..هیچم نەویست))          (غەمگین، 2005، ل 349)

وشەکانی (نەویست و نەبیست) وشەی سەروان، دەنگی (ت) لە کۆتای هەردوو وشەکە دەبنە دەنگی ڕەوی و دەنگێکی ڕەسەنن و هی وشەکە خۆیەتی نەك زیادە بێ پێیەوە لکابێ. شاعیر لە شیعری ( هیوا ) دا دەڵێت:

((با.. لافاوی جەفا سەرکا بروخێنێ دیواری لەش

دەبا گەردەلوولی مەینەت خۆشی بگرێتەوە باوەش))          (غەمگین، 2005، ل 68)

بە هەمان شێوە سەرەوە وشەکانی (لەش و باوەش) وشەی سەروان و دەنگی (ش) ی کۆتای وشەکان دەبنە دەنگی ڕەوی وڕەسەنن و هی وشەکە خۆیەتی نەک وەکو پاشگر پێوەلکابێت و زیاد کرابێت بە مەبەست.

**2ـ6ـ2. پێش ڕەوی:**

((بریتی یە لە دووبارەکردنەوەی دەنگێك یان چەند دەنگێك، بەر لە دەنگی ڕەوی لە وشەی سەروادا. ئەم دوبارەکردنەوەیەش بۆ قوڵکرنەوەی ئاوازو بەهێزکردنی ڕیتمی شیعرەکەیە)) (گەردی، 1999، ل128). پێش ڕەوی دەتوانین بکەین بە چەند جۆرێك بە گوێرەی دووبارەکردنەوەی ژمارەی دەنگەکانی پێشی ڕەوی لە سەروای شیعردا، کە ئەمانەن:

1.ئەگەر پیش رەویەکە یەك دەنگ بێت:-

بریتییە لە دووبارەکردنەوەی دەنگێك لە پێش دەنگی ڕەوی لە وشەی سەروا لە کۆتایی شیعرەکە . لە شیعری (لە ڕێ ی خوا) دا دەڵێت:

((لەنجەت ئاوازێکە زۆر خۆش

هەمیشە هەست پێ ی دێتە جۆش

پەنجەیەك بدە لە تەلی دڵم

دەبا نەمینێ لە میشکما هۆش))          (غەمگین، 2005، ل 164)

لەم شیعرەدا وشەکانی (خۆش، جۆش، هۆش) وشەی سەروان و دەنگی (ش) لە کۆتایی ئەم وشانە دەنگی ڕەوین، دەنگی (ۆ) ش، بە دەنگی پێش ڕەوی ئەژمار دەکرێت کە شاعیر بە مەبەست بە کاری هیناوە بۆ بەرزکردنەوەی ئاستی مۆسیقی. لە شیعرەکەیدا، بەمەش ڕیتمیکی خۆش بەشیعرەکە بەخشراوە . لە شیعری (باڵای بەرز)دا شاعیر دەڵێت:

((باڵای بەرزو پرچی دریژو چاوی کاڵ

وا لە سایەی لەیلەوە بۆم بوون بە ماڵ

من لەبەر عیشقی لەیلا، ئێستا وا

کەوتوومەتە داوی لێو و گەردەن و هەمر خەت و خاڵ))    (غەمگین، 2005، ل 335)

لێرەش وشەکانی (کاڵ، ماڵ، خاڵ) وشەی سەروان و دەنگی (ڵ) لەمر وشانە دەنگی ڕەوین و دەنگی (ا) بە دەنگی پێش ڕەوی ئەژمار دەکرێت، کە شاعیر مۆسیقای شیعری پێ ڕازاندۆتەوە و بەمەبەست بەکاری هیناوە بۆ بەخشینی ئاوازی ناوەوەی شیعرەکە و ریکخستنی ڕیتمی شیعرەکە.

2.ئەگەر پێش ڕەوی دوو دەنگ بێت:

بریتیە لە دووبارەکردنەوەی دوو دەنگ لە پێش دەنگی ڕەوی لە وشەی سەروا لە کۆتایی شیعرەکە. لە شیعری (نازدارێك)دا شاعیر دەڵێت:

((بووکی نازداری بەهاری تەمەن

رازاوە هەردەمر، ئافرەتێکی شەنگ

هاوتای تۆ نیە، مەگەر بە دەگمەن

کە خۆی بنوێنێ رۆژی بە چەند ڕەنگ))    (غەمگین، 2005، ل 202)

لە وشەکانی (تەمەن، دەگمەن) دەنگی (ن) دەنگی رەویە، پێش ڕەویش دەنگەکانی (مر) ، (ە) ە، کە ژمارەیان دوو دەنگە. هەروەها لە وشەکانی (شەنگ، ڕەنگ) دەنگی (گ) دەنگی رەویە، پێش ڕەویش دوو دەنگە (ە) ،(ن) ە، کە ژمارەیان دوو دەنگە. شاعیر دەڵێت:

((کچەکە مەڕوانە چەند داوێکی سپی سەرمر

بنوارە هەڵاوەی ئاگری سینەی گەرمر

ئەوەی نەیهێشتووە بچێژمر ئاوی حەیاتی دەمت

تەنیا کۆسپی خۆشیمر بووە، شەرمی شەرمر))    (غەمگین، 2005، ل 232)

لە وشەکانی (سەرمر، گەرمر، شەرمر) دەنگی (مر) دەنگی رەویە لە وشەکانی سەروادا، پێش ڕەویش هەردوو دەنگی (ە) ،(ر) ە، لە وشەکانی سەروادا، بۆ ڕازاندنەوە و جوان کردنی مۆسیقای شیعری بەکارهێندراوە.

3.ئەگەر پێش ڕەوی سێ دەنگ بێت:

بریتییە لە دووبارەکردنەوەی سێ دەنگ لە پێش دەنگی رەوی لە وشەی سەردوادا، وەك لە شیعری (چەپکێك گوڵ)دا شاعیر دەڵێت :

(( ئەرێ هۆ یاری نازەنین

چەپکە گوڵێکی دڵداری

گوڵێك خەندەیەك پێکەنین

بۆ منی بنێرە بە دیاری))    (غەمگین، 2005، ل 142)

لە وشەکانی (نازەنین، پێکەنین) دەنگی (ن) دەنگی رەویە، پێش ڕەویش سێ دەنگە (ە)، (ن)، (ی). لە شیعری (لە جۆللانەدا) دا شاعیر دەڵێت:

(( لەگەڵ هاتووچۆی جۆلانە

خورپەی لە دڵی من ئەهات

باڵی ئەکوتا لە هێلانە

دەرچێ، کڕنوشی بۆ بہات))    (غەمگین، 2005، ل 148)

له وشەكانی ( جۆلانه، هێلانه ) دەنگی ( ە ) دەنگی رەویە، پێش ڕەویش سێ دەنگە (ل) ،(ا) ،(ن) ە، له وشەی سەروادا.

**3.6.2. پاش ڕەوی:**

بریتییه له زیادكردنی دەنگێك یان چەند دەنگێك وەكو پاشگر به كۆتایی وشەی سەروادا، یاخود ((بەو دەنگە زیادانە دەگوترێت، كە بە كۆتایی وشەی سەرواوە دەلكێن)) (گەردی، 1999، ل139). واتە هەموو ئەو دەنگانە دەگرێتەوە كە لەدوای دەنگی ڕەسەنی وشەی سەروا یان له دوای رەوی دووبارە دەكرێتەوە، غەمگینی شاعیر بە شێوەی جیا جیا پەیڕەوی ئەم دیاردەیەی كردووە، كراوە بە چەند جۆرێك پاش ڕەوی:

1.ئەگەر پاش ڕەوی یەك دەنگ بێت:
بریتییه له دووبارەكردنەوەی تەنیا دەنگێك له كۆتایی وشەی سەروا، له دوای دەنگی رەوی. له شیعری (دڵم توندە) دا شاعیر دەڵێت:

((دڵەكەم هێندە توونده هەموو دەم كۆگای خەمە
هەر له ئێستا تا بەیانی من بگریم هێشتا كەمە
كێوی تەمەن وا بەفری خەم دایگرتووە
لووتكە و دۆڵی هەمیشە پڕ له هەور و تەمە)) (غەمگین، 2005، ل 250)

له وشەكانی (خەم، كەمە، تەمە) دەنگی (م) دەنگی رەوییە، تەنها یەك دەنگی بۆتە پاش ڕەوی، ئەویش دەنگی (ە)ە. له شیعری (پەپولە) دا شاعیر دەڵێت:

((پەپولەم پەری ژیانە .. بەبێ ئەو ژینم بێتامە
هەتا مردن وەكو ئاوات هەموو دەم هەر بەتەمامە
كە هات بنووسم باسی ئەو كۆڵ ئەبێ نانووسێ خامە
پەپولەم هێندەی خۆشدەوێم پڕ بە دەم پێم دەڵێ مامە)) (غەمگین، 2005 ، ل 344).

وشەكانی (بێتامە، بەتەمامە، مامە) وشەی سەروان، دەنگی (م) دەنگی رەویە و له هەموویان دووبارەكراوەتەوە و دەنگی (ە) دەنگی پاش ڕەوییە و شاعیر بە مەبەستی جوان كردن و دەوڵەمەند كردنی مۆسیقای شیعری پەیڕەوی لێ كردووە.

2.ئەگەر پاش ڕەوی دوو دەنگ بێت:

بریتییه له دووبارەكردنەوەی دوو دەنگ له دوای دەنگی رەوی له وشەی سەروا وەكو پاشگر بە مەبەستی بەخشینی مۆسیقای شیعری . له شیعری (بۆ وابێ) دا شاعیر دەڵێت:

((هەموو رۆژێ لەسەر رێتا
بۆت ئەوەستم بەبێ جولان
دڵ خۆی ئەكوتێ بۆ بەر پێتا
خوابكا جارێك بێ یتە زمان)) (غەمگین، 2005، ل 160)

له وشەكانی (رێتا، بەر پێتا) دەنگی (ێ) دەنگی رەوین، دەنگەكانی (ت) ،(ا) پاش ڕەوین. له شیعری (لەسەر لووتكەی) دا شاعیر دەڵێت:

((لەسەر لووتكەی گردۆڵەكەی تەمەن وەستاووم
بەرەو لێژایی وا هەنگاو ئەنێ هەنگاووم
ئەوەندەی بڕوانمە ڕووی ڕووناكی مانگ

کز بووە لێمر .. بێ دەسەڵات .. چاوومر)) (غەمگین، 2005، ل231)

لە وشەکانی (وەستاوومر، هەنگاوومر، چاوومر) وشەی سەروان و دەنگی (و) دەنگی رەوییە لە هەموویان، دەنگەکانی (و)، (مر) دەنگی پاش ڕەوین، وەکو پاشگر زیاد کراون بۆ وشەی سەروا بە مەبەستی مۆسیقای شیعری.

3. ئەگەر پاش ڕەوی سێ دەنگ یان زیاتر بێت:

بریتییە لە دووبارەکردنەوەی سێ دەنگ یان زیاتر لە وشەی سەروا لە دوای دەنگی رەوی. لە شیعری (دڵەی کاول) دا شاعیر دەڵێت:

((ئەو دڵەی بەبێ تۆ لەیلا کاول کاول و وێرانەیە

شین و شەیدایە هەمیشە هەر بۆ تۆ دێوانەیە

تەنیا خۆشەویستی تۆیە گەر خۆشی پێوەبێ

هەر لەبەر خولیای تۆش عاشقی ئەو کێوانەیە)) (غەمگین، 2005، ل 334)

لە وشەکانی (وێرانەیە، دێوانەیە، کێوانەیە) دەنگی (ن) دەنگی رەوییە، دەنگەکانی (ە) ، (ی) ، (ە) دەنگی پاش ڕەوین و ژمارەیان سێ دەنگە. شاعیر شیعری لە(جۆلانەن) دا دەڵێت:

((لە جۆلانە، ناسکۆڵەیەك

زۆر لە سەرخۆ، خۆی ئەجولاند

بە وێنە رێك، بوکەڵەیەك

چەشنی سروە خۆی ئەهەژاند)) (غەمگین، 2005، ل 148)

لە وشەکانی (ناسکۆڵەیەك، بوکەڵەیەك ) دەنگی (ە) دەنگی رەوییە، دەنگەکانی (ی)، (ە )، (ك)ش دەنگی پاش ڕەوین، ژمارەیان سێ دەنگە. زۆر جار بووە پاش ڕەوی لە سێ دەنگیش زیاتر بێت، بۆ نموونە لە شیعری (خەندەکەت ـ ل244) دا دەڵێت:

((بەرد لەبەر خەندەی خۆی ناگرێ ئەتوێتەوە

گیای سیس و ژاکاوی ئەمر دونیایەی پێ ئەشنێتەوە

ئەو دڵەی کە زۆر تووڕەیە لێت، گوایە تۆراوە

تەنیا بە یەك (چاك و چۆنی) بە راکردن دێتەوە)) (غەمگین، 2005، ل 244)

لە وشەکانی (ئەتوێتەوە، ئەشنێتەوە، دێتەوە) دەنگی (ێ) دەنگی رەوییە، دەنگەکانی (ت)،(ە)،(و)، (ە) پاش ڕەوین کە ژمارەیان چوار دەنگە. شاعیر لە شیعری (مژدەی نەورۆز) دا دەڵێت:

((مژدە بێت ئەی کورد، وا هاتەوە نەورۆزەکەت

جەژنی ژیان، رۆژە بەرزو پیرۆزەکەت

لە شارو دێ..خۆشیانە: کوڕو کچە دڵسۆزەکەت)) (غەمگین، 2005، ل 100)

لە وشەکانی (نەورۆزەکەت ، پیرۆزەکەت، دڵسۆزەکەت) دەنگی (ز) دەنگی رەوییە، دەنگەکانی (ە) ، (ك) ، (ە) ، (ت) دەنگی پاش ڕەوین ژمارەیان چوار دەنگە.

**2ـ7. دووبارەکردنەووەەی ئامرازەکان:**

دووبارەکردنەوەی ئامراز لە شیعردا ڕۆڵ دەبینێت لە جوانکردن و تەواوکردنی واتا، واتە ((ڕەهەندی دەربڕین جوانتر دەکەن و هەتا مەودای وشە دووبارەبووەکان کەمر بێت، ڕیتمەکەی پتەوتر دەبێت)) (خۆشناو، 2010، ل120). واتا ئاوازی ناوەوەی شیعر بە جۆشترو خۆشتر دەکات. لە شیعرەکانی جەوهەر( غەمگین )دا دیاردەی دووبارەکردنەوەی ئامراز زۆرن، ئێمە لێرەدا هەندێکیان وەکو نموونە دەهێنینەوە . شاعیر لە شیعری (بەستەی تازە )دا دەڵێت:

((لە قەد پاڵی کێوی بەفرین

لە ژێر تیشکی خۆری زێڕین

لە ناو مێرگو مێرخوزارا

لە نەوۆزدا ، لە بەهارا)) (غەمگین، 2005، ل 89)

لە تەواوی ئەم شیعرە (20) جارو لە تەنیا ئەم دوو دێرە (5) جار ئامرازی (لە) دووبارە کراوەتەوە، کە بە هۆی دووبارەکردنەوەی ئەم ئامرازە شاعیر گۆڕانی لە ڕیتمی شیعرەکەدا کردووە، تیشکی خستۆتە سەر شوێنەکان وەك (لەقەدپاڵ، لە ژێر تیشك، لە ناومێرگ، لەنەورۆز، لە بەهار.....) . شاعیر لە شیعری (وابوو) دا دەڵێت:

((ئەچووین بۆ گەشت

بۆ سەر لووتکەی بەفرینی چیا

بۆ ناو چیمەن و سەوزە گیا

بۆ سەر کانیاو ئاو زیوین)) (غەمگین، 2005، ل 156)

لەم دوو دێرە شیعرەدا (4) جار ئامرازی (بۆ) دووبارە کراوەتەوە، بۆ جەخت کردنەوە لەسەر گەشت و شێنەکانی گەشت وەك (بۆسەر لووتکە، بۆ ناوچیمەن، بۆ سەرکانیاو....) بەمەش ڕیتمەکەی بەهێزکردووە مۆسیقای ناوەوەی بە جوانی دروست کردووە. شاعیر لە شیعری (دڵی بێ ئازار) دا دەڵێت:

((بۆ ئەوەی زوو بدا ئازارم

بەهێزی چاوی مەستی

بە لێوی ئاڵ، کوڵمی بەفرین

بە یاسای دڵ، پێکەوە ئەژین)) (غەمگین، 2005، ل 23)

لێرەدا شاعیر (3) جار ئامرازی پەیوەندی (بە) ی بە مەبەست دووبارەکردۆتەوە، بۆ بەخشینی ڕیتمێکی خۆش بە شیعرەکەو دروستکردنی مۆسیقای ناوەوەی شیعرەکە. شاعیر لە شیعری (منیش نوێخوازم)دا دەڵێت:

((ئەگەر دڵۆپە بارانێکیش

بکەوێتە سەر ڕوومەتم

هێشتا من قەرزاری ئەووم

ئەگەر گرمەژنی هەوریش گەرم کا

من هەر منەت باری ئەووم

ئەگەر بە بروسکی جەستەم

هەموو بسووتێنێ

من هەر ئەویندار ئەووم)) (غەمگین، 2005، ل 378)

لەم پارچە شیعرەدا بە دووبارەکردنەوەی (3) جار ئامرازی (ئەگەر) مۆسیقای ناوەوەی دروستکردووە.

**2ـ8. دووبارەکردنەوەی جێناوە لکاوەکان:**

دووبارەکردنەوەی جێناوە لکاوەکان لە چوارچێوەی دووبارەکرنەوەی دەنگدا باسی دەکەین، چونکە وەکو دەنگێك دووبارە دەبنەوەو هەمان ڕیتمی دەنگیان هەیە، جەوهەر غەمگین لە دووبارەکرنەوەی جێناوی لکاودا دەستێکی باڵای هەبووە، بە تایبەتی جێناوە لکاوە تاکەکان زۆرترین جار بەکارهێنراون لە شیعرەکانیدا.

**2ـ8. 1. جێناوی لکاوی (م):**

شاعیر ئەم جێناوە لکاوەی زۆرترین جار بەکارهێناوە، کە بۆ خودی خۆی دەگەڕێتەوە، بۆ کەسی یەکەمی تاك، واتا شاعیر خۆی. شاعیر لە شیعری (چیبکەم؟)دا دەڵێت:

((نە ئاغام، نە کوڕە شێخم
جێ نیە بارمی لێ بێخم
هەر وێڵو سەرگەردانم
بۆ وامە؟ هیچ نازانم
شێخ نەبم، ئاغا نەبم
چۆن ویسترا ئاوا نەبم))          (غەمگین، 2005، ل 382 )

لەم پارچە شیعرەدا، شاعیر(10) جار جێناوی لکاوی (م) بۆ کەسی یەکەمی تاك دووبارە کردۆتەوە، لە جیاتی ناوی خۆی بەکاری هێناوەو پاش سەرواى بۆ شیعرەکەی پێ دروست کردووەو مۆسیقای ناوەوەی شیعرەکەی پێ ڕازاندۆتەوە. یاخود شاعیر لە شیعری (بەیادی جاران) دا دەلێت:

((ماتەمینم .. دڵ غەمگینم .. بێ کەسم.. لێرە کەوتووم
نەما تینم .. دنیاو دینم.. چاوەڕێمە بێ یتە لام))          (غەمگین، 2005، ل 116)

تەنیا لەم دێرە شیعرەدا (8) جار جێناوی لکاوی (م) ی دووبارەکردۆتەوە، ئەمە جۆرێك لە هاوئاوازی هاوڕەنگی و ڕیتمێکی خۆش بۆ شیعرەکە دەستەبەر دەکات، مۆسیقایەکی ناوازە بە گوێچکەی خوێنەردا دەچرپێنێت.

**2ـ8ـ 2. جێناوی لکاوی (ت):**

جێناوی لکاوی (ت) بۆ کەسی دووەمی تاك بەکار دێت، شاعیر ئەم جێناوەشی زۆر بەکار هێناوە بەڵام لە جێناوی لکاوی (م) کەمتر. شاعیر لە شیعری (دڵداری ژەهردار) دا دەڵێت:

((نێژتوومە لە گۆڕی دڵ
دڵداری ژەهردارت
با دووربم لە ئازارت
بزەی لێوت، چاوی کاڵت
پرچی قرتاو، کوڵمی ئاڵت))          (غەمگین، 2005، ل 35)

شاعیر (5) جار جێناوی لکاوی (ت) دووبارەکردۆتەوە، دیارە لێرەدا شاعیر مەبەستی لەم جێناوە یارەکەیەتی، کە کەسی دووەمی تاکە، وە پاش سەرواى بۆ شیعرەکە پێ دروستکردووە جۆرێك لە ئاوازی ناوەوەشی پێ ڕێکخستووە.

**2ـ8ـ3. جێناوی لکاوی (ی):**

ئەم جێناوە بۆ کەسی سێ یەمی تاك بە کاردەهێنرێت، ئەمەشیان لە شیعرەکانی خەمگین زۆر بەرچاو دەکەوێت، بەڵام بەبەراورد لە گەڵ دوو جێناوەکەیتر کەمتر بە جێناوی کەسی سێ یەمی تاك دواوە. هەر لەم شیعرەی سەرەوەدا جێناوی لکاوی (ی) دووبارەکردۆتەوە، شاعیر دەڵێت:

((هێشتا واتای خۆشەویستی نازانی
وەك بوکە شووشە جوان و بێ گیانی))          (غەمگین، 2005، ل 375)

ئەگەر سەیری ئەم دێرە شیعرە بکەین شاعیر جێناوی لکاوی (ی) دووجار دووبارەکردۆتەوە لە کۆتای نیوە دێرەکە لە وشەکانی (نازانی، بێ گیانی) کە مەبەستی یارەکەیەتی کەسی سێ یەمی تاکە، مۆسیقای ناوەوەی شیعرەکەشی پێ دەوڵەمەند کردووە.

**ئەنجام**

1- هونەری دووبارە کردنەوە وەک یەکێک لەبنەما گرنگەکانی شێوازی زمانی شیعری، ڕۆڵێکی بەرچاوی لەهەموو ئاستەکانی ئەم زمانەدا هەیە. دووبارە کردنەوەی دەنگیش یەکێک لەوهونەرانەیە کە ڕۆڵێکی گرنگ لەبنیاتنانی ئاستی ڕیتمی شیعردا دەگێریت.

2- دووبارەکردنەوەی دەنگی لەشیعرەکانی (جەوهەر غەمگین)دا وەک بەکارهێنانێکی بەمەبەست بۆبنیاتنانی ئاستی ڕیتم لەشیعرەکانیدا زۆر بەڕوونی دەدەکەوێت.

3- شاعیر لەدەقەکانیدا زۆرینەی جۆرەکانی دووبارەکردنەوەی دەنگی بەکارهێناوە وەک دووبارەکردنەوەی بزوێنەکان، نەبزوێنەکان، دووبارەکردنەوەی کۆنسونانس، جووت هاودەنگ، دەنگەکانی سەروا.

**سەرچاوەکان:**


**بە زمانی کوردی:**

**یەکەم:کتێب:**

ـ ئیسماعیل، ئەرسەلان بایز (2003) سیمای شیعری دوای راپەڕین (1992 ـ 2002). سلێمانی: دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم.

ـ ئیمامی، د. نەسرولڵا (2018) بنەما و میتۆدەکانی ڕەخنەی ئەدەبی (و. سەنگەر نازم و هیمداد حوسێن). چاپی یەکەم، هەولێر: ناوەندی ئاوێر بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە.

ـ بەکر، د. محمد (2004) پەخشانە شیعری کوردی (تەکنۆسیمانتیکی گوتاری شیعری). چاپی یەکەم، هەولێر: دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس.

ـ بەکر، د. محمد (2004) کێش و ڕیتمی شیعری فۆلکلۆری کوردی. هەولێر: دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس.

ـ خۆشناو، هێمن عمر (2010) شیعرییەتی دەقی چیرۆکی کوردی (لێکۆڵینەوەیەکی شیوازگەری پراکتیکیە). چاپی یەکەم، هەولێر: چاپخانەی ڕۆشنبیری.

ـ دەشتی، د. عوسمان (2012) لە بارەی بنیاتی زمان و شێوازی شیعر ( تێکست و لێکۆڵینەوە ). هەولێر: چاپخانەی حاجی هاشم.

ـ زامدار، محمود (1981) لە بانیژەی شیعرەوە ـ بیر و راو باری سەرنج. کۆمەڵەی ڕۆشنبیری کوردی، العراق: چاپخانەی جدیدە.

ـ عەبدوڵڵا، عبدالسلام نجمەدین (2008) شیکردنەوەی دەقی شیعری لە ڕووی زمانەوانی دا. چاپی یەکەم، هەولێر: چاپخانەی حاجی هاشم.

ـ غەمگین، جەوهەر (2005) خاك و رۆژ و خۆشەویستی. چاپی دووەم، هەولێر: چاپخانەی شەهاب.

ـ گەردی، د. عەزیز (1999) لێکۆڵینەوەیەکی شیکاری بەراوردە. چاپی یەکەم، هەولێر: چاپخانەی وەزارەتی ڕۆشنبیری.

ـ گەردی، ژوان عبدالسلام عزیز (2018) شێواز لە شیعرەکانی کامەران موکری ( لە ژێر ڕۆشنایی قوتابخانەی فیلۆلۆجی لیو شپیتزەر)دا چاپی یەکەم، هەولێر: چاپخانەی ڕۆشنبیری.

ـ گەردی، عەزیز (1975) ڕەوانبێژی لە ئەدەبی کوردیدا (جوانکاری). بەرگی دووەم، هەولێر: چاپخانەی شارەوانی.

ـ گەردی، عەزیز (1992) سەروا. چاپی یەکەم، هەولێر: دەزگای ئاراس.

ـ مستەفا، د. ادریس عبداللە (2010) شێواز و شێوازگەری. چاپی یەکەم، هەولێر: چاپخانەی رۆژهەڵات.

ـ هەژار، عبدالرحمان شرفکندی (1388 ـ 2009) هەنبانە بۆرینە. چاپی شەشەم، تەهران: چاپخانەی سروشت.

**دووەم: نامەی ئەکادیمی:**

ـ عزیز، هیوا نورالدین (2009) بنیادی ڕیتم لە شیعرە کوردییەکانی عبداللە بەگی مصباع دیوان ( ئەدەب )دا، ماستەر نامە، زانکۆی سەلاحەدین.

ـ محمد، عزالدین صابر (2015) شێوازی هۆنراوەکانی شێخ نوری شێخ صالع. نامەی ماستەر زانکۆی سلێمانی: فاکەڵتی زانستە مرۆڤایەتییەکان.

**سێیەم: گۆڤار**

ـ بەکر، د.محمد (2004 ) هارمۆنیا (ڕیتم) و ( واتا )یی د هۆزانا ( جزیری )دا. دهۆک: یەکێتی نووسەرانی کورد – لقی دهۆک، گۆڤاری پەیڤ، ژمارە ( 31 ) .

**بە زمانی عەرەبی:**

**یەکەم:کتێب:**

ـ ابن المنظور. (1998) لسان العرب. تحقیق: عبداللە علی الاکبر واخرون، الطبعە الاولی، بیروت، لبنان: دار المعارف.

ـ البغدادى، عمر.(1997) خزانه الادب و لب لسان العرب. تحقيق: عبدالسلام محمد هارون، الطبعه الاولى، مصر: الهيئه المصريه العامه للكتاب.

ـ العبيدى، د. جمال نجم. (2003) لغه الشعر فى القرنين الثانى والثالث الهجرين. عمان: دار زهران.

ـ الكبيسى، عمران خضر. (1982) لغه الشعر فى العراقى المعاصر. الطبعه الاولى، بيروت: دار القلم.

ـ المطلبى، د. غالب فاضل. (1984) فى الاصوات اللغويه. بغداد: دائره الشؤون الثقافيه والنشر دار الحريه للطباعه.

ـ الملائكه، نازك. (1996) قضايا الشعر المعاصر. ط9. بيروت: دار العلم للملاين.

ـ انيس، د. ابراهيم. (1999) الاصوات اللغويه. المصر: مكتبه الانجو.

ـ عبد، محمد صابر.(2001) القصيده العربيه بين البنيه الدلاليه والبنيه الايقاعيه. الطبعه الاولى، دمشق: اتحاد كتب العرب.

ـ عياش، د. منذر. (2009) الاسلوبيه و تحليل الخطاب. مركز الانماء الحظارى، دمشق: دار المحبه.

ـ غنيم، كمال احمد. (1998) عناصر الابداع الفنى فى شعر احمد مطر. الطبعه الاولى، قاهره: التاشر مكتبه مدبولى.

ـ قاسم، د. حمد احمد.(2004) الكافى فى العروض القوافى، خطيب التبريزى، شرح و تعليق. بيروت: المكتبه المصريه.

ـ قاسم، مقداد محمد شاكر. (2008) البنيه الايقاعيه فى شعر الجواهرى. الطبعه الاولى، عمان: دار دجله.

ـ هلال، د. ماهر مهدى. (1980) جرس الالفاظ و دلالتها فى البحث البلاغى والنقدى عند العرب. بغداد: دار العربه للطباعه.

ـ يوسف، حسن عبدالجليل. (2006) علم بديع بين الاتباع والابداع ( دراسه نظريه و تطبيقيه فى الشعر الخنساء) الطبعه الاولى، الاسكندريه ـ جمهوريه مصر العربيه: دار الوفاء لدنيا الطباعه والنشر.

.الجليل، حسن عبد. (2006) علم البديع بين الاتباع والابتداع (دراسه نظرية وتطبيقية في شعر الخنساء). الطبعة الاولى، الأسكندرية- جمهورية مصر العربية: دار الوفاء لدينا الطباعة والنشر.

**دووەم: نامەی ئەکادیمی (الاطروحات):**

ـ السيد الامين، محمد والدعابدين. (2000) الشعر المعاصر فى موريتانيا ( دراسه اسلوبيه) رساله ماجستر، جامعه الموصل: كلية الاداب.

**سێیەم: گۆڤار و رۆژنامە (المجلات):**

ـ الخرابشه، على قاسم. (2008) الابداع وبنيه القصيده، فى الشعر عبدالله البردونى. مجله عالم الفكر، ع1، مح37، الكويت: تصدير عن المجليس الوطنى للثقافه والفنون والادب.

**دور التكرار الصوتي في البنية الايقاعية لقصائد جوهر غمگين**

**محمد بەكر محمد**
قسم اللغة الكوردية- كلية التربية _ جامعة صلاح الدين –أربيل
mohammad.bakir@su.edu.krd

**نزار محمد حسێن**
وزاره التربية–أربيل
nzarmuhammad90@gmail.com

**ملخص**

يعتبر التكرار في النقد الادبي الحديث من الفنون الاسلوبية المتعددة الاغراض والذي يحتل مساحة واسعة في البحوث والدراسات الادبية حيث وظفه الشعراء في قصائدهم، و يعتبر التكرار الصوتي لدى الشاعر (جوهر غمگين) كأحد شعراء الحداثة الكوردية منذ نهاية الخمسينات من القرن الماضي ملمحا أسلوبيا بارزا في قصائده، لذا أرتأينا أن نعنون بحثنا هذا: (دور التكرار الصوتي في البنية الايقاعية لقصائد جوهر غمگين)

يتألف هذا البحث من محورين و قائمة للمصادر ونتيجة البحث والملخص , وقد تناولنا في المحور الاول و هو المحور النظري للبحث، التعريف بالمصطلحات ومفهوم التكرار وانواعه و وظائفه، أما في الحور الثاني وهو المحور التطبيقي فقد خصصناه للتكرار الصوتي في قصائد الشاعر، وقد ظهر لنا بعد الدراسة أن الشاعر قد وظف ظاهرة التكرار في قصائده بمعظم انواعها مثل تكرار الصوائت والصوامت والاصوات الترادفة واصات القافية والتكرار الصوتي المزدوج وتكرار الادوات والضمائراللغوية.

**الكلمات المفتاحية**: التكرار، التكرار الصوتي، الموسيقى الداخلية،الايقاع الشعري، جوهر غمگين.

**The Role of Phonemic Repetition in the Rhythmic Structure of the Poems of Jawhar Ghamgeen**

**Muhammed Baker Muhammed**
College of education - Department of Kurdish Language / Salahadin University-Erbil
mohammad.bakir@su.edu.krd

**Nzar Muhammed Husen**
Ministry of Education
nzarmuhammad90@gmail.com

**Abstract**

Repetition in modern literary criticism is one of the multi-purpose stylistic arts, which occupies a wide area in literary research and studies, where poets employed it in their poems. Therefore, we decided to title this research: (The Role of Phonemic Repetition in the Rhythmic Structure of the Poems of Jawhar Ghamgeen)
This research consists of two axes, a list of sources, the result of the research and the summary. In the first axis, which is the theoretical axis of the research, we dealt with the definition of terms and the concept of repetition, its types and functions. As for the second axis, which is the applied axis, we have devoted it to vocal repetition in the poet's poems, and it has appeared to us after the study that the poet has employed the phenomenon of repetition in his poems in most of its types, such as the repetition of vowels, consonants, tandem sounds, rhyme accents, double vocal repetition, and the repetition of linguistic tools and pronouns.

**Keywords:** Repeating, Sound repeat, Internal music, Poetic rhythm, Jawgar ghamgin.